## چەند رۆژێکی تر خەڵاتی (نۆبل )ی
## ئەمساڵ بۆ ئەدەب ئاشکرا دەکرێت !

**جەلال بەرزنجی**

وا پێدەچێت پاڵێوراوانی خەڵاتی نۆبل بۆ ئەدەب ئەمساڵ ژمارەیان لە سی ئەدیب زیاتر بێت , لە ناوی ئەو ئەدیبانەی دیارن, رۆمان نووسی تورکی (ئورهان پامۆک) و شاعیری سووری (ئەدۆنیسن) , کە ساڵی پاریش هەردووکیان پالێوراو بوون , هەر چەندە پامۆک خەڵکی تورکیاییە , بەڵام تورکیا بە رۆمان و بۆچوونەکانی مرتاح نییەو بەدواوەیەتی سزای  بدات و پێی خۆش نییە ئەو ئەم خەڵاتە وەرگرێت , پار لە ریگەی ئەمریکا فشارێکی زۆری خستە سەر لیژنکە بۆ ئەوەی پامۆک خەلات نەکرێت ساڵی پار وابزانم  ئەم کاتە بوو نووسینیکم لە سایتی دەنگەکان لە سەر ئەم کێشەییە لە ژێر تاتلی (ناونیشانێکی نویٰ بۆ حیکایەتێکی کۆن)  بلاو کردەوە , ,

خەڵاتی  نۆبل  ساڵانە دەدرێت بە ئەدیبێکی داهێنەرو دیاری  دنیاو, نرخەکەی جگە لە   مەدالیاو بڕوانامە , چەکێکی 10 ملیون کرۆنیشە, کە دەکاتە 1  ملیۆن یورو , ساڵی پار درا بە نووسەری شانۆگەری , بەریتانی هارولد بینر. خاوەنی بیرۆکەی ئەم خەڵاتەش (ئەلفرێت نۆبلە) کەوا پێش ئەوەی بمرێت وەسیەتی کردووە سەروەتەکەی بە شێوەی خەڵاتی نۆبل دابەش بکرێت .هەموو ساڵێکیش ئاهەنگی دابەش کردنی خەڵاتەکەش لە ستۆکهۆلم بەرێوە دەچێت !